


# سەرنجێک لە زمانی کوردی



شوان سەرابی

زمانی کوردی خەریکە ناسنامەی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە زمانێکی نامۆ، مامۆستایانی زانکۆ هۆیەکەی دەدەنە پاڵ ڕۆژنامەنووسان، کە لەناو ئەواندا کەسانێکی وایان تێدا هەڵکەوتووە، کاتێ دێنە سەر شاشە و ناو ستۆدیۆ و ستافەکانی نووسین، لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان، یان نووسین لە ڕۆژنامەکان، هەڵەی زمانەوانی زەق زەق دەکەن، ئەگەر عەلافێک ببەیتە ئەو شوێنانانە جوانتر هەواڵەکە دەخوێنێتەوە.

هەندێک نووسینی وا لە ڕۆژنامەکانی، بەتایبەتی ڕۆژانەدا بڵاودەبنەوە، کە لەلایەن نووسەران خۆیانەوە دەبنە مایەی گاڵتەجاڕی. لە بەرانبەر ئەمەشدا کەناڵەکان هۆیەکەی دەخەنە پاڵ مامۆستایانی زانکۆ، کە پێیان وایە هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆکە پسپۆڕییان لە زمانی کوردیدا هەیە خۆیان دوورە پەرێز گرتووەو بەلای کەمی ساڵانە بابەتێک لەسەر زمانی کوردی نانووسن و بڵاو ناکەنەوە، هەردوو لاشیان هەر ڕاست دەکەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی لەم بارودۆخە ناهەموارە ڕزگار بکەین و بیگەیەنینە ئاست زمانانی پێشکەوتووی جیهان پێویستە کاری بۆ بکرێ و واز لە تۆمەت دانە پاڵ یەکتری بهێنرێ، سەرەتا بە هەموو لایەک پەنجە لەسەر هۆکارەکانی ئەو پاشاگەردانییە دابنرێن و چارەسەر بکرێن.

زانکۆ لەسەر پسپۆڕانی زمانی کوردی بکات ساڵانە باسێک، یان ئوتروحەیەک لەسەر زمانی کوردی پێشکەش بکەن، کەناڵەکانیش مەرجێک لەسەر کارمەندانی خۆیان دابنێن، کە پێویستە کوردییەکی باش بزانن، ئینجا کاریان پێ بکرێ و تەنیا جوانی سیما نەبێتە پێوەر، یان با ڕوو لە گوند و دێهاتەکانی کوردستان بکرێ تا فێری زمانی کوردی بن و زمانیان پاراو بێت ئەوسا پێی بنووسن، دەنا زمانی کوردیش بە دەردی ئەو زمانانە دەچێ کە هەتا دوێنێ قسەیان پێ دەکراو زیندوو بوون، کەچی ئێستە نەماون و کەسێکیش نییە فریایان بکەوێ و دوو قسەی خێریان بۆ بکات.